ئۆجەلان بەبۆنەی جەژنی قوربان: سڵاو بۆ گەلەکەم دەنێرم



عەبدوڵا ئۆجەلان، ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ڕایگەیاند، جەژنی قوربان ب□ ب□ قوربانیدان لە گەلەکەم پیرۆز دەکەم.

عومەر ئۆجەلان، برازای عەبدوڵا ئۆجەلان سەردانی ئیمڕاڵی کرد و لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان، ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە کۆبووەوە و دەڵێت، "ئۆجەلان وتویەتی جەژنی قوربان ب□ ب□ قوربانیدان لە گەلەکەمان پیرۆز دەکەم، سڵاو بۆ گەلەکەم دەنێرم".

عومەر ئۆجەلان لەو پەیامەکەیدا دەڵێت، "بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە ئێمە وەک بنەماڵە لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان کۆبوینەوە، باوەڕمان مەزنتر بوە کە پرۆسەی بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک ڕێگە بۆ سیاسەتێکی نوێ، ڕێکخستنێکی نوێ، خوڵقاندنی مانایەکی نوێ دەکاتەوە، لەم کاتەدا کە پێشکەوتنی گرنگ و مێژویی ڕودەدەن، پەیامی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان بە بۆنەی جەژنەوە پێشکەشی ڕای گشتی دەکەم".

ئەوەشی وت، "پەیامی پیرۆزبایی جەژنی قوربان لەلایەن ڕێبەر ئاپۆ وەهایە، جەژنی قوربان ب□ ب□ قوربانیدان لە گەلەکەمان پیرۆز دەکەم، سڵاو بۆ گەلەکەم دەنێرم".